
سودانی و سیسی دوایین گفتانکاریی‌کانی ناوچه‌کە و کاریگەریی بەردەوامی جەنگیان تاوتوێ کرد



محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆککۆماری میسر ئەنجامدا و تێیدا دوایین گفتانکاریی‌کانی ناوچەکە و کاریگەریی بەردەوامی جەنگیان لەسەر سەقامگیریی ناوچەیی تاوتوێ کرد.

یەکشەممە 15ـی ئاداری 2026، بەگوێرەی راگەیەندراوی نووسینگەی محەممەد شیاع سوودانی سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە پەیوەندییەکدا هەردوولا جەختیان لە گرنگیی هەماهەنگیی نێوان وڵاتانی عەرەبی و بەدیهێنانی هاوپشتی کردووەتەوە بە چارەسەرکردنی قەیرانەکان لە ڕێگەی گفتوگۆوە، بە مەبەستی پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکە.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، سوودانی و سیسی هەڕەشەکان بە سەر شارەکانی عێراقیان ئیدانە کرد، هەروەها بە تووندی دژی بە ئامانجگرتنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هەوڵەکان بە پەلکەشکردنی عێراق بۆ ناو ئەو جەنگەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت وەستانەوە.

لە بەشێکی دیکەی راگەیندراوەکەدا هاتووە، هەردوولا جەختیان لە پێویستیی بەهێزکردنی کاری هاوبەش کردوە بە رووبەروبوونەوەی ئاڵنگاریيەکانی ئێستا، هاوکات داوایان لە کەمکردنەوەی نەودوویتی کرد کە بەرپرسیارێتیی خێی هەبگرێت بە راگرتنی کردوە سەربازییەکان و رێگریکردن لە فراوانبوونی بازنەی ململانێکان کە مەترسیی گەورەی بە سەر ئاشتی و ئاسایشی هەرەمی و نەودوویتی هەیە.